# ئاڵمان تیرۆریست ئازاد دەکات و تاران لە ئامێزی دەگرێت؟!

10ی دێسامبر ساڵرۆژی جاڕنامەی مافی مرۆڤ لە جیهاندایە. نزیک بە 60 ساڵ لەوەپێش (1948) ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جاڕنامەی مافی مرۆڤی پەسەند و زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان بە تایبەت ئوروپا کە ئاڵمان زلهێزێکە لەو قاڕە، ئەم جاڕنامەیان ئیمزا کردووە.

بەڵام ئەوەی کە ئەمساڵ وەک ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو ڕوویدا و لە بیروڕای گشتی ئەو وڵاتە و دەرەوەیش زۆر دەنگدانەوەی نیگەتیڤی هەبوو، ئازاد کردنی قاتڵ و تێرۆریستان لەم ڕۆژەدا لە لایەن ناوەندی قەزایی و دەوڵەتی ئەم وڵاتە و هەناردنەوەیان بە فڕۆکەی تایبەت بۆ تارانی پایتەختی ئێران و پێشوازیی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆریستان بوو.

لە ڕۆژی جیهانیی جاڕنامەی مافی مرۆڤدا "کازم دارابی و عەباس ڕاحێل" دوو تیرۆریست و قاتڵی سەر بە کۆماری ئیسلامی، واتە قاتڵی دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سێ هاوڕێی پاش تێپەڕ کردنی 15 ساڵ لە زیندان لە لایەن دەوڵەتی ئاڵمانەوە ئازاد و ڕەوانەی ئێران کرانەوە.

ڕۆژی 17ی سێپتامبری 1992 لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس لە شاری بەرلینی وڵاتی ئاڵمان، سادقی شەرەفکەندی، هۆمایون ئەردەڵان، فەتاح عەبدولی و نوری دێهکوردی لە لایەن گرووپێکی تیرۆریستی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران کوژران. پاش ئەم ڕووداوە پۆلیسی ئاڵمان چوارکەسی دەستگیر و لێکۆڵینەوە لە گەڵیان دەستی پێکرد. بەڵام هەر ئەو کات وترا کە بەرپرسی تیمی ئەو تیرۆرە کە کەسێک بە ناوی "سەید هاشمی" ناسراو بە "شەریف" بووە توانیویەتی رابکات و خۆی بگەیەنێتەوە ئێران. محاکمەی میکۆنۆس کە لە 17ی سێپتامبری 1992 دەستی پێکرد چوار ساڵ و نیوی خایاند و بە یەکێک لە درێژماوەترین مەحکەمەکانی ئەو وڵاتە ناوی دەرکرد، 247 جار مەحکمە پێکهات، 170 شاهیدی ئێرانی و بیانی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا و سەرەنجام دادگا ساڵی 1997 لە بڕیاری کۆتاییدا، کازم دارابی کە لە کاتی تیرۆری میکۆنۆس لە ئاڵماندا خوێندکار و ئەندامی یەکێتی خوێندکارانی موسوڵمان بوو لە گەڵ عەباس ڕاحێل کە شارۆمەندی لوبنان بوو بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکوم کرد. دوو تیرۆریستەکەی دیکەش کە هەر دووکیان لوبنانی بوون کەسێکیان بە 11 ساڵ و ئەوەی دیکەش بە 5 ساڵ و 4 مانگ حوکم دران.

دادگای ئاڵمان رایگەیاند کە بڕیاری ئەو تیرۆرە لە لایەن بان ترین ناوەندی دەسەلاتی ئێران دەرچووە کە "عەلی خامنەیی رێبەر، رەفسەنجانی سەرۆك کۆماری وەخت، عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعات ، موحسنی رەزایی فرماندی سپای پاسدارن و عەلی ئەکبەری ویلایەتی وەزیری دەرەوەی ئەو کات" تێیدا بڕیاردەر بوون.

پاش تیرۆری عەبدوڵرەحمان قاسملو سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکرات لە شاری وییەنی پایتەختی ئۆتریش کە بۆ چاو پێکەوتن لەگەڵ مەئمورانی ئیتلاعاتی ئێران بە نهێنی کۆبووەوە، تیرۆری میکۆنۆس بە ئاشکرا دەستی بەرپرسانی ئەسڵی کۆماری ئیسلامی ئێرانی پێوە دیار بوو.

سەرەرای هەوڵی زۆری ئێران بۆ ئازادیی تیرۆریستان و فشاری بێوچانی بۆ سەر بەرپرسانی سیاسی و دەوڵەتی ئەو ولاتە، بەلام دەزگای قەزایی ئاڵمانی توانی تا رادەیەك ئەو فشارانە ناکام و مل بۆ مەعامەلەیەکی دژی ئینسانی ژێر بە ژێر لە سەر خوێنی کوژراوەکان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دانەنەوێنێت. واتە ئەو هەوڵەی کە دەوڵەتی ئۆتریش بۆ ئازادیی قاتلانی قاسملو بەڕێوەی برد، لە ولاتی ئاڵمان بۆ ئازادیی قاتلانی شەرەفکەندی بە ئاسانی بەڕێوە نەچوو.

لە ماوەی ئەو 15 ساڵەدا بەردەوام یەکێك لە هەوڵەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتی و دیپلۆماسیی ئێران لە گەڵ دەوڵەتی ئاڵمان، ئازادیی تیرۆریستانی رووداوی میکۆنۆس بوو کە سەرەاای بەڵێنی و هەوڵەکانی ناوەندی دەسەلاتی سیاسی لەو ولاتە، بەلام ناوەندی قەزایی حازر بە رەزایەتدان و تەسلیم بوون نەبوو.

هەر ئەو کات دەنگۆی ئەوە بلاو بۆوە کە ئێران بە نیازە قاتلانی میکۆنۆس لە گەڵ خەلەبانێکی ئیسرائیلی بە ناوی ((رۆن ئاراد)) کە بە دیلی کەوتبووە دست حیزبوڵلای لوبنان و دەوترا لە ئێران زیندانییە مەعامەلە پێبکات. بەلام لە قاودانی ئەو هەواڵە لە لایەن مێدیای جیهانیەوە ئەو کردەوە ژێر بە ژێرەشی پووچەڵ کرد.

ئازاد بوونی ئەو دوو قاتڵ و تیرۆریستە واتە ((عەباس راحێل)) لە رۆژی 5ی دێسامبر و(( کازم دارابی)) لە رۆژی 10 دێسامبر رۆژی جیهانیی جارنامەی مافی مرۆڤ کە بڕیاری زیندانی هەتا هەتایان بە سەردا سەپابوو و پێشوازێکی گەرم کە لە "تاران" لێیانکرا، لە لایەکەوە نیشانەی بێ بایەخی گیانی مرۆڤەکانە کە بە دەستی قاتلان و دەسەلاتدارانی دژی ئینسان تێدا دەچن و لە لایەن زلهێزە قازانج پەرەستەکانەوە چاوپۆشییان لێدەکرێت و لە لایەکی دیکەوە ریاکاریی ئەوان لە دیفاع لە مافی مرۆڤ و ئەو خەڵکە ئازار چێشتووە نیشان دەدات کە بە دەست نیزامە دیکتاتۆر و ملهوڕەکانەوە دەناڵێنن کە ئەوان بەردەوام پەیوەندیی ئابووری، سیاسی و نیزامییان لە گەڵیان هەیە و پاچەکیان دەکەن.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە بەردی بناغەی بە خوێنی گەلانی ئێران دانا و چێوبەستی سەرەڕۆیی بە ئێسك و پروسکی مرۆڤەکان دارەای کرد، ولاتە زلهێزەکان و بە تایبەت ئاڵمان لایەنێکی سەرەکی لە سەقامگیریی ئەم دەوڵەتە، پەروەردە کردنی دەزگای ئەمنیەت و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی واتە "سا.وا.ما" بووە و شەریکی هەموو تاوانەکانی ئەم حکومەتە ئایینیەیە.

ئەمڕۆ لە حاڵێکدا کە خەباتی گەلانی ئێران دژ بە سەرەڕۆیی ئایینی لەم وڵاتە لە حاڵی گەشە و بەرەو پێشچوون دایە و ڕۆژانە خەڵکی ناڕازی، زیندانی، ئەشکەنجە و ئیعدام دەکرێن، و لە حاڵێکدا 16 ناوەندی ئیتلاعاتی و جاسوسی ئەمریکا لەوانە (CIA) ڕایانگەیاند کە ئێران لە ساڵی 2003وە پیتاندنی یۆرانیۆمی ڕاگرتووە و ئەگەری پەلاماری نیزامی ئەمریکا بۆ سەر ئەم وڵاتە بە بیانووی چەکی ئەتۆمی هەرچی زیاتر کەمڕەنگ بووەتەوە، زلهێزەکان و لە پێشەوەی هەموویان وڵاتی ئاڵمان کە پەیوەندییەکی ئابووری و ئیتلاعاتی بەهێزی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە و چاوی تەماحی هەرچی زیاتر بڕیوەتە بازاڕی مەسرەفی 70 ملیۆنی ئەو وڵاتە و هێزی کاری هەرزان و نەوت و گازی فەراوان و لەو پێناوەدا ئازادیی قاتڵ و تیرۆریستان هەدیەی ئەو دەوڵەتە بۆ دەسەڵاتدارانی تارانە.

ئەم ڕاستییە نیشان دەدات کە ئوروپای سارکۆزی، ئانگێلا مێرکێل و باقی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی نیئۆلیبراڵەکان چەندە لە مەترسی گەڕانەوە بەرەو دوا و پێشێلکردنی ڕۆژانەی مافی مرۆڤ، گەشەی فاشیزم و ڕاسیزم و بە فیڕۆدانی دەسکەوتەکانی بەشەرییەتی عەداڵەتخوازی سەدەی بیستەمە.

*: ئەم بابەتە لە ژمارەی 126ی ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە" بەرێکەوتی پێنجشەممە 2007/12/27 بڵاو کراوەتەوە.

حەسەن ڕەحمان پەناه

***